# نە نالی حەبیبەی خواستووە و نە حەبیبەش بە ئەوینی نالی گرفتاربووە

## بەشی دووەم

بژار

نالی پێش دانانی ئەم شیعرە ( دەستم لە گەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە ), لە شیعرێکی تردا وبە ماوەیەک پێش ئەوە , داخی دڵی خۆیمان بۆ هەڵدەرێژێ لەوەی کە حەبیبە بە ئەوینی ئەمەوە پەیوەست نییە . ئاخ هەڵدەکێشێ بۆ ئەم وەرنەچەرخانەی حەبیبە بە ڕووی ئەم سەوداسەرەدا . ( ئاخ لە گەڵ ئێمە –حەبیبە – سەر و پەیوەندی نییە . نەی شەکەر قەددە , بەڵا بەندی هەیە , قەندی نییە ) . ئەو ئاخەی کە لەویادا دایناوە هەر بە تەنیا ئاخێکی ئاسایی و ڕاگوزاری نییە . ئەم ئاخە لەویادا بۆ وشە ئارایی و بردنە سەری مۆسیقای شیعرەکە دای نەناوە . ڕێکەوتەیەکی شیعریی نەبووە . لە ئەنجامی تاو توێکردنی هەل و مەرجێکەوە هاتووە کە دەورەی ئەمی داوە . هەرچەندە نالی لەم شیعرەدا دەستی لە حەبیبە دانەشۆردووە , بەڵام گومانێک سەراپای ئەم داستانی ئەوینەی داگرتووە . ئاسۆ بە لێڵی دێتە پێش چاوی . لە بار و دۆخێکی نالەباردا ئەژی . بە شوێن چارەسەرێکی شیاودا دەگەڕێ بۆ ئەم گیروگرفتە . ئاخ هەڵدەکێشێت , ئاخێکی قووڵ , ئاخێکی تەواو مرۆڤانە , ئاخێک کە پڕە لە خۆشەویستی بۆ حەبیبە و پڕیشە لە گومان بۆ داهاتووی خۆی . نالی لەم ئاخەدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە حەبیبە هیچ سەرو پەیوەندییەکی لە گەڵ ئەودا نییە . یانی بە مانایەکی تر پێمان دەڵێت کە حەبیبە ڕوو بەو پیشان نادات و لە جیاتی ئەو لە گەڵخەڵکی تردا سەرو پێوەندی هەیە . گرفتەکەی نالی لەم عەشقەدا لە گرفتی عاشقانی تر گەورەترە .

چونکە ئەو عاشقانە جێگای خۆشەویستی بێ ئەندازەی دڵدارەکانیانن و هەردوو لایان بە دڵخواز و دڵدارەوە خۆشەویستییان بۆ یەکتری هاوتایە . نالی عاشقە , بەڵام عاشقی کەسێکە کە دڵی بە(نالی)یەوە نییە .

بە ڕاستی ئەم جۆرە عەشقە کارەساتە , ئەم کارەساتەش بەسەر هەموو ژیان و بەرهەمی ئەو کەسەدا ئەشکێتەوە . هەر لێرەوەیە کە نالی نەِیتوانیوە _نەک لەبەر توانای شیعریی خۆی , بەڵکو لە بەر هەل ومەرجی ئەوسای کۆمەڵگا و جێگا و ڕێگای خۆیشی وەک مەلایەک و کەسێکی ڕۆشنبیر و خاوەن کەسایەتیەکی جێکەوتە _ یان نەیویستووە شیعری زۆر لەم بارەیەوە بنوسێت . ئەگەر ئەم کێشەیە ئاوا نەبوایە , شیعرەکانی نالی لەم بوارەدا و بە حوکمی توانای لە بن نەهاتووی , بە لێشاو ئەکەوتنە بەر دەستی خوێنەران و تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆریان لێدەمایەوە . ئێمە هەمووی چەند دانەیەک شیعری نالی لەم نێوەدا دەبینین کە ئەویش هیچ جۆرە ئاماژەیەک بە خۆشەویستی بەرامبەرەکەی (واتە حەبیبە) بۆ نالی ناکات . لەم شیعرەدا کە نالی ئاماژە دەکات بەوەی حەبیبە سەر وپێوەندی لەگەڵ خەڵکانی تردا هەیە , بەو مانایە نییە کە حەبیبە پەیوەندی عاتیفی – خۆشەویستی – لە یەک کاتدا لەگەڵ چەند کەسدا هەیە . بەڵکو بەو مانایەیە کە حەبیبە لە هەڕەتی لاویدایە و تازە کەوتووەتە سەر ئارەزوو گۆڕینەوە و لە چاو گێڕانیدا بە شوێن دۆزینەوەی داهاتوویەکی ڕۆشنەوەیە کە تا ئەو ساتە لە هیچ کەسێکی دیاری کراودا بەرجەستە نەبووەتەوە . واتە حەبیبە تازە پێدەگات و لە تافی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانی داهاتووی خۆیدایەتی . ئەمە جگە لەوەی کە حەبیبە کەسێکی ڕووخۆش و زمان شیرین بووە و دیارە زۆر کەس لە هەوێڵی ڕاکێشانی مەیلی ئەودا بوون . هەر لەم شیعرەدا نالی ئەوە ساغ دەکاتەوە کە حەبیبە هێشتا کەسێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە , ئەوەتا پێمان دەڵێت ( عادەتێکی

هەیە هەرگیز لە کەسێ ناپرسێ . . زاڵمێکی وەیە قەت خەوفی خوداوەندی نییە ) . ئەگەر حەبیبە یەکێ◌کی هەبوایە کە لە دڵەوە دەست نیشانی کردبێت , بۆچی لێی ناپرسێتەوە ؟ ڕۆشنە , حەبیبە وەکو مرۆڤێ◌◌کی ڕووخۆش کە سەرەتای ئاشنا بوونی بووە بە مەسەلەی دڵ و ڕازونیازی , دوو تەتەرەکەی خۆی ( بزە و نیگا ) ی هەمیشە بە هەموو لایەکدا ناردووە وزۆر لاویش بە شوێن میوانداری ئەم تەتەرانەوە بوون . نالی کە وشەی ئێمە لەو شیعرەدا بەکار دێنێت , مەبەستی تەنیا خۆی نییە . ئەو وشەی ئێمەیە زیاتر وەک وشەی ئێمەومانان بەکاری هێناوە . یانی حەبیبە لەگەڵ کەسانێکی وەکو نالی پەیوەندی خۆشەویستی نابەستێت , بەڵام لەگەڵ خەڵکانی تردا دەیبەستێت . بە بۆچوونی من ئەمەش ئاماژە کردنێکی دیکەیە بەو جیاوازی تەمەنەی کە لە نێوانی نالی و حەبیبەدا هەیە . ئەگینا بۆ حەبیبە لەگەڵ خەڵکانی تردا سەروپێوەندی پەیدا دەکات , بەڵام لەگەڵ کەسانێ◌کی وەکو نالی دا ئەو سەروپێوەندییە پەیدا ناکات . ڕاستە مەسەلەی ئەوین و شەیدا بوونی کەسێک بە کەسێکی تر , ئاوا میکانیکیانە لێک نادرێتەوە و پرسیارەکان بەم زەقییە دانارێژرێن . بەڵام قسە کردن لەم شیعرەدا لەسەر ئەو بابەتە , زیاتر قسە کردنێکی گشتییە و نالی خۆی بە کۆنکرێتی ئەم مەسەلەیە ئاوا باس دەکات و دەڵێت لەگەڵ ئێمەوماناندا حەبیبە ( زەهر و سرکە فرۆشە بە برۆ ) . لێرەدا حەبیبە کە لەوپەڕی تافی لاویی خۆیدایەتی و سەبارەت بەم تازە خونچەیەتییەی ژیانی ئەگەر لە پەیوەندییەکی هەمەلایەنەی دڵ فڕیندا بووبێت لە نێوان لاوەکاندا و ویستبێتی لەسەر یەکێکیان بنیشێتەوە , حاڵەتێکی ئاسایی و مافێکی سروشتی خۆی بووە . ئەڵبەتە گلەیی لەم حاڵەتەی حەبیبە ناکات و ئەو مافەی بە تەواوی پێ ڕەوا بینیوە . ئەوەی کە لێرەدا پەشێوی بۆ نالی دروست دەکات و ئاسۆکەی تەڵخ دەکات ,

هەڵ نەبژاردنی نالی یە بە یەکێک لەو کەسانەی کە پەپولەی دڵی حەبیبە ی جار بە جارێک و بۆ ساتێکی کەم لەسەر دەنیشێتەوە . واتە حەبیبە , نالی نەخستووەتە ناو دەستەی عاشقانی خۆیەوە و بە یەکێک لەو کەسانەی دانانێت کە ئەم بۆ دروست کردنی ژیانی هاوبەش لەگەڵیدا چاوی بۆ دەگێڕێ . نالی کە دەڵێت لەگەڵ مندا ڕووی خۆشەویستی پیشان نادات , بەڵام لەگەڵ خەڵکانی تردا لەم بارەیەوە بە شوێن سات و سەودایەکەوەیە , ئەو پرسیارە بە ڕووی خۆیدا زەق دەکاتەوە , کە ئەبێ جیاوازی ئەو خەڵکانە چی بێت لە نالی تا حەبیبە لەگەڵ ئەواندا باش و لەگەڵ ئەمدا خراپ بێت ؟ بێگومان لە جیاوازی تەمەن زیاتر شتێکی تری ئەوتۆ کە شایانی باس بێت لە ئارادا نییە . ئەگەر بڵێین ئەمە شێوازێکی شیعریی کلاسیکییە و دووان لەگوڵ دولبەردا بەو شێوەیە باو بووە , ئەوا دەڵێم نالی زیرەکانە لە ژێ◌ر ئەو پەردەی باوییەدا نهێنییەکانی بۆ خوێنەر ئاشکرا کردووە . بە تایبەتی نالی کە یەکێکە لەو شاعیرانەی ژمارەی تیر وەشاندنی بۆ شکاندنی دوو نیشانە کەم نەبووە . نالی شاعیرێکی ڕاستگۆیە و بە بیانووی شێوازی باوی شیعری کلاسیکییەوە , نایەوێ ڕاستییەکان لە خوێنەر بشارێتەوە و خۆیشی و شیعری ( کە لە هەموو شتێکی خۆشتر ویستووە( تووسی بێ بڕوایی بکات . بۆیە ئەمڕۆ ئەبێ , سەرەڕای دەست خۆشی کردن و ڕێز دانان بۆ چەندینی وەکو مامۆستایان : مەلا عەبدول کەریم و فاتیح و محەمەدی مەلا کەریم و عەلاشەدین سوجادی و مەسعود محەمەد و دکتۆر مارف خەزنەدار و . . . هتد , کە لەو پێناوەدا , ماندوو بوون و ئەرکیان کێشاوە و زانیاری باشێشیان لە بارەی نالی یەوە بە دەست هێناوە , لە شوێنێکی ترەوە و بە مەنهەجێکی ترەوە بچینە ناو دنیای شیعری نالی یەوە و درێژە بە ئەرکی ماندوو نەناسانەی ئەو بەڕێزانە بدەین بۆ ڕۆشن کردنەوەی هەرچی زیاتری ژیان و شیعری نالی . لە دێڕێکی تری ئەم شیعرەدا کە دەڵێت : ( تالیبی ڕاهی حیجازم, لە موخالیف هەڵدەن . . بێ نەوا , قەلبی حەزینم , قووەتی بەندی نییە ) , باس لە دڵی زویری خۆی دەکات , کە ئەمەش پەیوەندی بە پلەی یەکەم بە مەسەلەی حەبیبەوە هەیە کە لە گەڵ ئەودا سەروپێوەندی نییە . پەیوەست کردنەوەی وشەی حیجاز لەم دێڕەدا بە خاکی حیجازەوە مانایەکی دروست بە دەستەوە نادات . نالی شیعرەکەی سەرتاپا بۆ باس و خواس لەسەر حەبیبە داناوە , نەک لەسەر

مەسەلەی چوونی بۆ حەج . من لە گەڵ ئەو ڕایەدا نیم کە دەڵێن یەکیەتی بابەت لە شیعری کلاسیکیدا نییە . من دەڵێم یەکیەتی بابەت وەک چوارچێوەی گشتی شیعرەکە هەیە , بەڵام بەشە تایبەتیەکانی ئەم یەکیەتی بابەتە بە یەکترییەوە پەیوەست نەبوون . ئەم پەیوەست نەبوونەی بەشەکانی یەکیەتی بابەت لە ناوەوە و لەگەڵ یەکتریدا , زەمینەیەکی ئازادی بۆ هەڵسوڕانی توانای شاعیرەکان لە داڕشتنی شیعرەکانیاندا فەراهەم کردووە . کەواتە ئەم شیعرە کە بۆ حەبیبە دانراوە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە وڵات بەجێهێشتنی نالی یەوە نییە , ئەمە جگە لەوەی کە نالی لە سەروبەندی سووتانیا بووە بۆ حەبیبە و هێشتا نائومێدی زۆر دای نەگرتووە و تەواو دەستی لە حەبیبە دانەشۆردووە .

نالی لە حاڵەتێکدا ئەم شیعرەی داناوە کە هێرش لە هەموو لایەکەوە لە سەری بووە و ئەمیش بۆ خۆی لە باری دەروونییەوە ناڕەحەت بووە و داوا دەکات مەقامی حیجازی بۆ بووترێ چونکە دڵی حەزینە و بێ مۆسیقاش ناتوانێ ئەو دڵە حەزینەی ڕابگرێ . لێرەدا و لە دوایین دێڕی شیعرەکەدا مەسەلەی گوێ‌ نەدانی نالی بە شیعرەکانی خۆی دێتە ئاراوە : ( شیعرەکانم , کە جگەرگۆشەی منن , دەربەدەرن . . دڵی نالی چ ڕەقە , قەت غەمی فرزەندی نییە ) . چۆنە وا نالی هێندە دڵی ڕەقە و غەمی فرزەندی خۆی نییە کە شیعرەکانیەتی ؟ بە بڕوای من ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە کۆمەڵێک هۆکارەوە هەیە , کە لەوانە : حەبیبە , سۆفییەکان , مەلاکان و . . . هتد . لە لایەکەوە عەشقی حەبیبە شەووڕۆژ تان و پۆی ئەمی داگرتووە و توانای ڕاگەیشتنی بە ئیش و کارەکانی تری بە ڕادەیەکی زۆر لێ بڕیوە , وە لە لایەکی تریشەوە سۆفییەکان و داخ لە دڵە کۆنەپەرستەکانی ئەوسا و ناحەزەکانی خستویانەتە ژێر بەرد هاویشتنی ڕەخنەی خۆیانەوە و بارودۆخێکی هێجگار نالەباریان بۆ سازاندووە . دیارە مەسەلەی ئەو فەرقی تەمەنەشیان وەکو چەکێکی ژەهراوی لە بەرامبەریدا بەرز کردووەتە و پروپاگەندەیان لەم بارەیەوە بۆ بڵاو کردووەتەوە . لەوانەیە ئەم ناحەزانەی نالی فشارەکەیان لە سەر نالی لە باری ڕۆحییەوە هێندە زۆر بووبێت کە نالی نەیتوانیبێت لە سەنگەری شیعری دڵداریدا بۆ حەبیبە , بەو ڕاشکاوییە بمێنێتەوە . کەواتەخۆشەویستی حەبیبە لە لایەکەوە و فشاری توندی ناحەزانیشی لە لایەکی دیکەوە , ئاسەوارێکی هێندە گەورەیان لە باری ڕۆحییەوە لە سەر نالی بەجێ هێشتووە کە نالی نەیپەرژاوەتە سەر ئەوەی کە بەشێک لە کاری خۆی تەرخان بکات بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی شیعرەکانی لە دیوانێکی قەشەنگی دەسنووسدا . نالی لە دێڕێکی تری ئەم شیعرەدا دەڵێ : (دولبەرێکم هەیە , مەشهوورە بە بێ مانەندی ... بێ شک و شوبهە , خودا شاهیدە , مانەندی نییە ) . واتە نالی , مادەم حەبیبە بە دولبەری خۆی دەزانێت , یانی هیوا بڕاو نەبووە و هەر بە تەمایە . ئەگەر وایە ئیتر نالی بۆ وڵات بەجێ دەهێڵێت ؟ نالی کاتێک وڵاتی بەجێ هێشتووە کە بە تەواوی لە حەبیبە دەستی داشۆردووە . ڕاستە فاکتەری تر زۆرن بۆ کۆچەکەی نالی , بەڵام سەرەکی ترینیان , بە ئاکام نەگەیشتنی بووە لەو داستانی ئەوینەدا . کەواتە نالی لەم شیعرەدا لەگەڵ ئەوەشدا کە دڵ زویرە لەوەی حەبیبە سەروپێوەندی لەگەڵ ئەمدا نییە , بەڵام هەر بە دولبەری خۆی دەزانێت و لە نەخشەی ژیانی داهاتوویدا جێگایەکی مەزنی بۆ دیاری کردووە . ئەم زویر بوونەی نالی لەم شیعرەیدا حاڵێتکی ڕاگوزارییە و تێدەپەڕێت (خۆی ئاوا بۆی چووە ) , بۆیە داوای مەقامی حیجاز دەکات و تاسەی مۆسیقایەکی خۆش دەکات . هەر لەو دێڕەدا کە ئارەزووی بیستنی نەوایەکی خۆشە , ڕاکوزاری ئەو حاڵەتەیمان بۆ دەردەخات , چونکە پێمان دەڵێت کە بە بیستنی نەوایەکی خۆش دڵە زویرەکەی هێزی ڕاگیر بوون پەیدا دەکاتەوە . نالی لە باری ڕۆحیی و کەسایەتییەوە لە نێوان دوو بەرداشدا بووە , کە هەردووکیان بێ بەزەییانە هاڕیویانە . بەرداشێکیان ئەوینی پاکی حەبیبە بووە و بەرداشەکەی تریشیان هێرشی پیسی ناحەزان بووە بۆ سەر کەسایەتییەکەی . لەوانەیە بێ هۆ نەبووبێت و ڕەگدانەوەی ئەم واقیعە بووبێت کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری نالی کار و کاردانەوەی دژەکانە لەگەڵ

یەکتریدا . نالی لەم شیعرەیدا بێ ئومێدییەک دەخاتە ڕوو لەوەی کە حەبیبە سەروپێوەندی لەگەڵ ئەودا نییە , وەجۆرێکیش لە ئومێد بوون دەخاتە ڕوو , لەوەی کە هێشتا حەبیبە بە دولبەری خۆی دەزانێت.

یانی لێرەشدا لە نێوانی دوو بەرداشدایە کە ئەوانیش بێ ئومێدی و ئومێدن . کە بە شیعری نالیدا ڕۆ دەچین دەبێت ئاگامان لە مانای یەک بە یەکی وشەکان بێت , چونکە نالی زۆر بە ووردی ئاگای لە وشەکانی خۆی بووە و تا نەیزانیبێت ئەو جێیانە قاڵبن بۆ ئەو وشانە , دای نەڕشتوون . ئەوەتا خۆی دەڵێت : ( دەورانییە , وەک هێلەکی سەودا , سەری گێژم . . بۆیە بە دەقیقی مەسەلە هەرچی دەبێژم ) . کەواتە نالی لە شیعرەکانیدا بە بێ بێژنگ دان ئاماژە بۆ هیچ شتێک و هیچ کەسێک ناکات . هەر ئەم دێڕەی نالی ئەوەشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە مەبەستی لە شیعردا ئاشکرا بووە و هەوڵی نەداوە گرێ و گۆڵ لە مانای شیعرەکاندا دروست بکات . هەرچەندە نالی چەند دانەیەک شیعری هەیە کەناوی حەبیبە و مەحبوبەی تیا دەبات , بەڵام بە ڕای من زۆربەی شیعرە دڵداری و خۆشەویستییەکانی تریشی , یان بۆ حەبیبەی داناوە و لەگەڵ ئەویەتی , یان خۆشەویستی حەبیبە هەوێنیەتی .

ماویەتی 7–6–04